# فیكە فیک و سەماحەتی حەكیم ... چەند دیمەنێک خۆم بینیم .... رزگار كۆچەر

* ئەوەندە لە سیاسەت تی ناگەم بەلام دەزانم دوژمنانی کورد هەمان دوژمنن وەك یەكن جا ئەو دوژمنە عەرب بێت یان فارس بێت یان تورك بێت گرینگ ئەو نەتەوانەی كە ئێمە بە دۆست بە برا ی خۆمانیان دادەنیین ئەوان بەم شیوەیە نین و گەر لە دەسیشیان بێت لە سەدام زۆر خراپ ترمان بەسەر دەهینن جا لای من جەحفەریی و حەكیم و سەدرو عەلاوی و سەدام.... جەلەبی و...... تد هەمووی هەر یەكن قسەكانی سەمەحاتی حەكیمیش لەو گویجكەیەم هات ولەوی تر دەرچوو.

بۆیە نامەوێت بجمە ناو بابەتێكی سیاسی بەلام هەندی خال هەیە لە مەر هاتنەكەی سەماحەتی حكیم پێم جاكە بە جەند دێرێك باسی بكەم.

* دیارە زۆر جار لە شوینە گشتیەكان بەتایبەتی ئەو شوینانەی كە كۆبونەوەیەكی جەماوەری لێدەكریت دوا لە ئامادە بوان دەكرێت مۆبیلەكانیان دەخەن بەلام بە داخەوە كاتێك ئەندام پەرلەمانێك لە كاتی باس كردنی پرسێكی گرینگی وەك كەركوك داخستنی مۆبیلەكەی بیر دەجێت و وا لە سەمەحاتی حەكیم دەكات لەگەل دەنگی جەرەسەكی لەو برسە گرینگە رابكات و خۆی لێ گێل بكات بێجگە لە و ئەندام پەرلەمانەی كە بە درێژاییی كۆبونەوەی پەرلەمان خەریكی بنیشت خواردن بوو.

* زۆر جار باس لە جەماوەر دەكرێت جا نەگەبەتی لەوە یە تا ئێستا ئێمە لە دوای نوخبە نەگەراوین هەردەم حەزمان لە زۆری و بۆری بوە.... جا من نازانم حیكمەت لە جیە هۆلێك پر لە خەلكانێك بكەم كە زۆربەی زۆری جیلی پاش راپەرینە و عەربی بەجاكی نازانێت و نازانێت سەماحەتی حەكیم جی دەلێت... بۆیە ئەو خەلكە وا تێ دەگات هاتۆتە ئاهەنگی زەكەریا و دەبێت فیكە فیك لێبدات.

* كاتێك بەرێز حەمەی حاجی مەحمود ئەندام پەرلەمانی کوردستان گوتی دەمەوێت بە كوردی قسە بكەم ئەو كەسەی قسەكانی بەرێز حەمەی حاجی مەحمودی تەرجومە دەكرد بۆ سەماحەتی حەكیم بە شێوەیەكی وا تەرجومەی كرد زۆربەی زۆری قسەكانی كلك و گوی بری.....

Rzgar77@hotmail. com